سودانی دەستپێشخەرییەکی ناوچەیی بۆ پاراستنی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات ڕادەگەیەنێت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی دەستپێشخەرییەکی ناوچەیی بۆ پاراستنی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات ڕادەگەیەنێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵع کەوتووە بڵاویکردەوە "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە سەرۆکایەتی پێنجەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەغدادی بۆ ئاو کرد، کە لە بەغدای پایتەخت بەڕێوەچوو لەژێر دروشمی "ئاو و تەکنەلۆژیا... هاوبەشی بۆ گەشەپێدان" و ئامادەبوونێکی چەنیەتی کۆمپانیا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیداری بە ئاو بەخۆوە بینی.

وتیشی لە میانەی کۆنفرانسەکەدا، سودانی دەستپێشخەرییەکی ناوچەیی بۆ پاراستنی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بە دروشمی "ئاوەکەمان ... داهاتوومانە" ڕاگەیاند ئەم هەنگاوە ستراتیژییە گشتگیرە ئامانجی پاراستنی ئەو دوو ڕووبارەیە لە تێکچوون و دڵنیابوون لە بەردەوام بوونیان، و سەکۆیەک دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان، هەروەها سوودە هاوبەشەکان و بوارەکانی هاوکاری بەردەست، و جەختیشی لەوە کردەوە کە دەستپێشخەرییەکە لەسەر بنەمای ڕووبەری داهێنانی تەکنیکی و

بەکارهێنانی زانست و تەکنەلۆژیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا دامەزراوە.

سودانی ستایشی هەوڵەکانی بەرپرسانی ئەم کۆنفرانسەی کرد، کە جەخت لەسەر پشتبەستن بە هاوبەشی و گەشەپێدان دەکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەکۆیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و ئاستەنگەکانی بواری ئاو و ئاسایشی و ئاماژەی بەوەکرد کە عێراق لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا چارەسەری تەکنەلۆژیای پەیڕەو کردووە بۆ چارەسەرکردنی کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو، هەروەها ستایشی هەوڵەکانی ئەو کەسانەی کرد کە بەرپرسن لە میوانداریکردنی خولی 11"ـەمین (کۆنفرانسی ئاودێری ورد) لە بەغداد کە بۆ یەکەمجارە لە لایەن لیژنەی نیودەوڵەتی بۆ ئاودێری بەڕێوەبچێت، ئەمەش دەرفەتێکی ستراتیژییە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی حوکمڕانی لە بواری بەڕێوەبردنی ئاو و ناساندنی زیرەکی دەستکرد بۆ پاڵپشتیکردنی ئەزموونی هاوچەرخی عێراق، لە گۆڕینی دیجیتاڵی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی جیهانی لەم بوارەدا

ئەمەی خوارەوە دەقی وتارەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە:

? هاوبەشی بەرپرسیارانە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە بەڕێوەبردنی ئاو دەتوانێت ڕێگە بە چارەسەری بەردەوام بکات و کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا کەم بکاتەوە.

? ئێمە جەخت لەسەر دیاریکردنی بەرپرسیارێتییەکان دەکەینەوە لە هەوڵە نیشتیمانییەکانی و بەشداری کۆمەڵگا لە پاراستنی سامانی ئاو.

? هەنگاوی گرنگمان ناوە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئاودێری مۆدێرن و ئۆتۆماتیکیکردن لە بەڕێوەبردنی بەنداو و عەمبارکردنی ئاو و ئاودێری داخراو و چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ.

? سیاسەتی نیشتمانیمان داڕشتووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کاریگەرییەکانی کەشوهەوا.

? چوارچێوەیەکمان بۆ چارەسەر پێشکەش کردووە، لە چوارچێوەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و ئەو نۆرمە کە وڵاتانی کەنار دەریا یەکدەخات، بەتایبەتی لە حەوزی ڕووباری دیجلە و فورات.

?ئەو لێدوانەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبیر دەهێنینەوە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ عێراق کە باسی لەوە کرد ڕووباری دیجلە و فورات بابەتێکی جیهانین نەک بابەتێکی ناوخۆیی.

? ه□نگاوی گرنگمان ناو□ ل□ بواری پاراستنی ئاو و ک□نت□□کردنی پیسبوونی ژینگ□ و ستانداردی توند ب□ پاراستنی ئاوی ژ□ر ز□وی و □□گریکردن ل□ ک□مبوون□و□ی و پ□ر□پ□دانی پر□گرام□کانی ه□شیارکردن□و□ ب□ ئ□م ه□و□ان□.

? سوورین ل□س□ر ت□پ□□اندنی ب□رب□ست□کان ب□ر□و ئاسایشی ئاوی ت□کم□ ب□ ع□راق و گ□ش□پ□دان ک□ پ□داویستیی□کانی داهاتوو دابین بکات و ب□رژ□و□ندیی گ□ل□ک□مان ل□ب□رچاو بگر□ت و کراو□یی ه□ب□ت ب□ هاوب□شی زیاتر و ب□رژ□و□ندی هاوب□ش ل□گ□□ و□اتانی ناوچ□ک□دا.